Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Finland

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی فینلاند

# کۆنفڕانسی یادی بیستەمین ساڵڕۆژی مەرگەساتی هەڵبجە

ئەمرۆ یەک شممە ١٦.٠٣.٢٠٠٨ سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ لە یەکێ لە هۆڵەکانی شاری هێلسینکی (وڵاتی فینلاند) یادی بیستەمین ساڵڕۆژی مەرگەساتی شاری هەڵەبجە کە لە لایەن ڕێکخراوی چاکC.H.A.K پێک هاتبو وە بە بە شداری ڕێکخراوە سیاسیی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سەربەخۆکان، بەرز ڕاگیرا و یادی لێکرایەوە.

لەم کۆنفڕانسەدا، سەرەتا لە لایەن کاک سالار (لە ڕێکخراوی چاک)، دەسپێکی بەرنامەکان خوێندرایەوە. پاشان دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی قوربانیانی ئەو کارەساتە. دواتر سرودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە. پاشان کۆنفڕانسەکە، لە سەر تەوەری باسەکان کە بریتی بوون لە

١. بڕگەی تایبەت بە کەس و کاری قوربانیان.
٢. پانێلێکی گفتوگۆ لە سەر جینۆسایدی گەلی کورد و ئاکامەکانی.
٣. چەند بڕگەیەک لە ئاوازی گونجاو.
٤. پێشانگای فۆتۆگرافی کیمابارانی هەڵەبجە.

درێژەی پێدرا و چەندین کەس لەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ لە ڕوداوەکە دا بوون، کارەساتەکەیان بۆ بەشداربووان گێڕاوە. لە بەشێکی دیکەی کۆمفڕانسەکەدا چەن کەسێک وتاریان پێشکەش کردو هەر وەها لە لایەن کۆڕی موزیکەوە چەن سرود و گۆرانی دیکەش پێشکەش کرا.

لە بەشی کۆتایی کۆنفڕانسەکەداوەتە گفتگۆ، نوێنەری پارتەسیاسییەکان و هەروەها ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان بەشداریان تیا کرد کە هاوڕێ فایق مەسعودی بە نوێنەرایەتی لە لایەن ڕێکخراوی کۆمەڵە لە فینلاند، بەشدار بوو کە لە لایەن بەڕێوەبەری کۆنفڕانسەکە و هەروەها بەشداربووان چەن پرسیارێک ئاراستەی نوێنەرەکان کرا و وڵام درایەوە.

لە کۆتاییدا هەمو بەشداربووان جەختیان خستە سەر ئەوە کە لە داهاتوودا دەبێ زۆرتر حەول بدرێ بۆ ناساندنی کارەساتی هەڵبجە بە تەواوی وڵاتانی دنیا، تاکو دەنگی ئەوانیش بخرێتە پاڵ دەنگی گەلی کورد بۆ مەحکوم کردنی ئەم جۆرە کردەوە نامرۆڤانەیە و داوای دادگایی کردنی تاوانباران. هەر وەها ئاسانکاری و خزمەتی زۆرتر بکرێ بە قوربانیانی کارەساتەکە و بنەماڵەکانیان.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## کومیتەی ڕێکخراوی فیـــــنلاند

## ١٨-٠٣-٢٠٠٨






www.komala.org
**E-mail:** komalafi@yahoo.com
**Mobile:** (00358) 0407250832